

## لەیەکەمین دیداردا

## بۆ ڕاگەیاندنێکی کوردی

## د. مەحمود ئەلمەشهەدانی

## بۆ لڤین

# دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان خۆی و کورد دەدوێت

**یەکەم کەس کە فێری نوێژی کردم کوردبوو ، ئەو کەسەش لە بزوتنەوەی ناسرییەوە دەستی گرتم بۆ ناو بزوتنەوەیەکی ئیسلامی کورد بوو**

**دیداری ئیسماعیل ئیبراهیم**
**بەغدا – تایبەت بە لڤین**

**● د. مەحمود ئەلمەشهەدانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پاڵێوراوی بەرەی تەوافوق، یەکێکە لە دیارترین ئەو سەرکردە سوننە مەزهەبیانەی کە ئەمڕۆ لە پۆستێکی باڵای حکومەتی عێراقیدا دەبینرێت، ئەلمەشهەدانی سەرکردایەتی یەکێك لەو بزوتنەوە ئیسلامیانە دەکات کە بڕوای تەواوی بە (موقاوەمە) هەیە و بۆ خۆشی بە لایەنگری مقاوەمە دەناسرێت، لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی گۆڤاری لڤیندا تیشك دەخاتە سەر بەرنامەی کاری داهاتووی ئەنجوومەنی نیشتمانی و تێڕوانینی بۆ مەسەلەی دەستور و ئاشنایەتی لەگەڵ کورد و سەرکردەکانیدا، لەو ڕووەشەوە گەلێك پەیوەندی گرنگ دەدرکێنێت.**

**لڤین: بەوپێیەی سەرۆکی دەسەڵاتی یاسا دانن، پرۆژەی ئەنجوومەنی نوێنەران چییە و پێشینەی کارەکانتان چییە؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : لە ڕاستیدا پێشینەی کار بەڕای من کاری جدییە بۆ پێکهێنانی پەیکەری کار و چاوخشاندنەوەیە بە پەیڕەوی ناوخۆ، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەستوری نوێدا هاتووە، پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان و بەتایبەتی جەختکردن لەسەر لیژنە گرنگەکان لەوانە لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی بەرگری و ناوخۆ و لیژنەی ڕاگوێزراوان، هەروەها نیەتمان وایە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنین سەبارەت بە باندەکانی کوشتن و پەیوەندی بە لایەنە ڕەسمی و نارەسمییەکانەوە، کە لە کارە پەلەکانە، هەروەها دوای پێکهێنانی حکومەت هاوئاهەنگی پشتیوانکردنی و سەرخستنی بە ئەرکی خۆمان دەزانین، پاشان چاوخشاندنەوە بە داڕشتنەوەی دەستور و سەرپەرشتیکردنی گێڕانەوەی ژیان و نەهێشتنی هەستی پەنگ خواردوی مەزهەبی و نەژادی و بڵاوکردنەوەی کەلتوری ئاشتیخوازی و برایەتی، کە ئەمەش بە جەختکردن لەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەوەی ئامانجدار و جدی بێت و کۆتاییهێنان بەم پشێوییە ناعەقڵانی و نامولتەزیمە کە بۆ ئەم گەلە داماوە دەخرێتە ڕوو لەڕێی کەناڵە ئاسمانی و گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانەوە کە پابەندنییە بە ڕێوشوێنە نیشتمانییەکان و بوەتە هۆی زیادبوونی هەستی

مەزهەبی کە لەوانەیە وشەیەك لەسەر ڕۆژنامەیەك ببێتەهۆی خوێن ڕشتن، ئێمە دەمانەوێت و سوورین لەسەر کەلتوری کۆکردنەوەی دڵەکان نەك دوورخستنەوەیان.

**لڤین: هیچ پرۆژەیەك لەڕێی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە بۆ نەهێشتنی مەزهەبییەت؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : پرۆژەی ئێمە پێشەنگ دەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەران، بەوەی پێش هەمووشتێك ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران خۆیان نابێت مەزهەبی بن، ئەگەر نامەزهەبییەت نەماو لە ململانێی مەزهەبییەوە ڕۆیشتین بەرەو کارلێکردنی مەزهەبی لە ئەنجومەنی نوێنەران، دواجار ئەمە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە کۆمەڵگەی عێراقی، لەگەڵ ئەمەشدا دژایەتیکردنی ئەوانەی بانگەشەی مەزهەبییەت دەکەن هێندەی ئەوەیە کە دژایەتی ئەوانە دەکەین کە بانگەشەی تیرۆر دەکەن، لەوانەشە هاندانی مەزهەبییەت و دەمارگیری نەژادی و تێکدانی کۆمەڵایەتی بکرێتە پاشکۆی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

**لڤین: سەبارەت بەلیژنەی پێداچوونەوەی دەستور، ئایا ئەو بڕگە و مادانە چییە کە بەڕای ئێوە پێویستە بگۆڕێت؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : ئەمەکاتێکی زۆری دەوێت، دەستور تەواو نەبووە و تەواویش نابێت، دەستور بریتییە لە چەند دەقێك لەسەری ڕێکدەکەون بۆ بەرێکردنی ئەو بەرنامە سیاسییەی کە دەخرێتە ڕوو بۆ ماوەیەك و مەرج نییە دەستور نەگۆڕ و چەقبەستووبێت، هەربۆیە لیژنەیەکی کاتی دەستور دەکەین بۆ پێداچوونەوەی هەموو ماددەکانی دەستور، ئەگەر پێویست بکات، بەڵام پێموایە ئەم کارە کاتێکی زۆری پێویستە بۆ پێداچوونەوە و ئەو جیاوازیانەی کە لە بیر و بۆچوونەکاندا هەیە، بەتایبەتی بەشێکی بەرفراوان بەشداری نووسینەوەی دەستوریان نەکرد یان بەپەلە نووسرایەوە و توێژێکی فراوان و ناوچەیەکی گەورە لە عێراق (100٪) دەستوری ڕەتکردەوە، ئیتر چۆن ئەتوانم دەستور بسەپێنم بەسەر توێژێك بەتەواوی کەڕەتی کردبۆوە لە ڕاپرسیدا، بۆیە دەبێت چاوبخشێنینەوە بەسەر ئەم ڕەتکردنەوەیە، بۆچی ڕەتیانکردۆتەوە؟ هەروەها پێویستە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەپێی ئەو میکانیزمە دەستورییانەی کە پەیڕەوی دەکرێت چاو بە دەستوردا بخشێنرێتەوە و دووبارە دابڕێژرێتەوە بەوشێوەیەی کە گونجابێت لەگەڵ تێڕوانینی سەرجەم عێراقییەکان، بەڵام وائەزانم کە ئەم کارە پەلەی ناوێت، لەوکارە گرنگانەی لەبەردەمماندایە دابینکردنی ئاسایش و وەستاندنی ڕشتنی خوێنی هاوڵاتیان و ئاوەدانکردنەوە لە هەوو بوارەکاندا کە مەبەستم ئاوەدانکردنەوەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و بیر و باوەڕە.

**لڤین: پێتوایە حکومەت سەرکەوتوو دەبێت لە دابینکردنی ئاسایش؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : حکومەت بەتەنها سەرکەوتوو نابێت ئەگەر سەرجەم پێکهاتە و کیان و دەزگا عێراقییە دەستوری و مەدەنییەکان لە دەوری کۆنەبنەوە، بەهاوکاری ئەنجومەنی نوێنەران، یان ئەگەر ئەنجوومەنی نوێنەران ئامۆژگاری پێشکەش کرد بەپێی یاسای (یەکتر ئامۆژگاری دەکەین نەك ئابڕووی یەکتر بەرین)، هەموومان سەرکەوتوودەبین بە هەرسێ دەزگا سەرۆکایەتییەکە ئەگەر لەسەر یەك هەڵوێست کۆببنەوە.

**لڤین: بەنیازن دۆسیەیەك بکەنەوە بۆ دیاردەی گەندەڵی لە حکومەتی ڕابردوو؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : بەدڵنیاییەوە نەك تەنها لەسەر گەندەڵی، بەڵکو لەسەر باندەکانی مردنیش لەهەرشوێنێك بێت، پەیوەندییان بەکێوە هەیە و کێن ئەوانەی ڕۆڵەکانمان دەکوژن، ئەوکەسانە ئاشکرادەکەین کە خۆیان بە ڕۆڵەکانماندا دەتەقێننەوە و سامانمان بەهەدەر دەبەن و ماوەی سێ ساڵە گەندەڵی دەکەن.

**لڤین: میکانیزمتان بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و لەناوبردنی گەندەڵی و ئەجامدانی چاکسازی چییە؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : بێگومان چەند لیژنە دروست دەکەین کە بەهێز و کاریگەر بێت و چاوی پەرلەمان بێت لەسەر دەسەڵاتی ڕاپەڕین، پێش ئەوەی دەنگ بە حکومەت بدەین جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەو کەسانەی وەزارەتەکانیان پێدەدرێت کەسانی لێهاتوو و دەست پاك و وڵاتپەروەر بن.

**لڤین: پەیوەندیت لەسەرکردە کوردەکان چۆنە وبۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : پەیوەندیم لەگەڵ کورد لە ساڵی (1964)ەوە پتەوە، پێش ئەو بەرواره یەکەم کەس کە فێری نوێژی کردم کورد بوو، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوالێخۆشبوو (جەمال کوردی) بوو، ئەو ئایەتەی بۆ دەخوێندینەوە کە دەفەرموێت (ولا تحسبن الله غافلا عما تعمل الظالمون) و دەگریا، ئێمەش لێمان دەپرسی بۆ دەگریت؟ ئەویش دەیوت"نابینن شیوعییەکان چیمان لێدەکەن.." ئەوەبوو ئەوکات کوشت و بڕ هەبوو لە موسڵ و کەرکوك لەلایەن ڕژێمی شیوعی، ئیدی لە مێشکمدا خۆشەویستی کورد چەسپا، هەروەها دواتر بۆم دەرکەوت کە (عەبدولکەریم ساعقی) ڕەحمەتی خوای لێبێت کە دامەزرێنەری قوتابخانەی سەلەفیە لە عێراق کوردە. کاتێك پەیوەندیم کرد بە (کۆمەڵی موحدین) بۆم دەرکەوت ئەوکەسەی کە منی ڕاکێشا لە بزوتنەوەی ناسریەوە بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی کوردە، هەروەها بەرپرسی ناوچەکەم کوردبوو کە بەهجەت تاڵەبانی بوو، دواتر ئەو دەستەیەی کە من سەرکردایەتیم دەکردن و لە سێدارە دران کوردبوون، ئیدی بەردەوام لەگەڵ کوردا بووم. هەروەها ئەو ناوچەیەی کە پەنام بۆ برد و ڕامکردبۆی و تێیدا بە ئارامی ژیام کوردستان بوو.

پێش ئەوەش بەرپرسی یەکەی پزیشکی مەیدانی بووم لە هەڵەبجە و پەیوەندی باشم هەبوو لەگەڵ کورد، هەوڵمدا ئەوە لەبیر خۆم بەرمەوە کە عەرەب ئیسلامیان هێناوە و بۆم دەرکەوت کوردەکان جوانی ئیسلامیان گێڕایەوە بۆسەر ئاوازە بەجۆشەکەی، سەرەڕای پەیوەندییەکانمان لە بەغدا لە نێوان ئێمە و کورد. لەڕاستیدا ئێمە یەك گەلین، بەڵام کورد جیاوازی خۆی هەیە بۆیە نەمتوانیوە خۆشەویستی کورد لە دەڵی خۆم دەرکەم، بەتایبەت دوایی کە لە ناوچەی کوردستان خزمەتم کرد، بۆم دەرکەوت گەلێکن لە ڕاستیدا ئاساین و پاکن وەکو پاکی وبەرزی شاخەکان، وە هۆشێکیان هەیە کە بەئاسانی لەناو نابرێت وەك ئەوەی وانەیان لە شاخەکان وەرگرتبێت، هەرکەس بەسەر

شاخەکاندا سەربکەوێت ئەبێت هەتا هەتایە لەژێر هەوای پاکدابێت. هەروەها من مەیلم بۆ بزوتنەوەی کوردستانی هەبوو، ئەوکات کە ڕاوێژکاری مەلا مستەفا، حەمەدی عەبدولمەجید سەلەفی، ئەهات بۆلامان بۆ بەغدا و دەرکرابوو، ئێمەش ئیشمان بۆ دەکرد و ئەویش باسی بزوتنەوەی کوردی بۆ دەکردین کە چۆن مەلا مستەفا کەسی دینداری خۆشدەوێت، لەبەرئەوە گەیشتینە ئەو بۆچوونەی کە بزوتنەوەی کوردی مسوڵمانان سەرکردایەتی دەکەن، ئێستا کە دەبینین ئیسلامییەکان ئازار دەدرێن بێهیوا دەبین. ڕەنگە ڕاستیش نەبێت، بەڵام هەواڵەکان واڕادەگەیەنن، چونکە لە خەباتکاران ناوەشێتەوە بەتایبەت بارزانییەکان کە دەیان ساڵە قوربانی و خوێن دەدەن و بە دەستی دەسەڵاتدارانی جیاجیا چەوسێنراونەتەوە هەر لەکۆنەوە لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و پێش ڕووخانیشی، لە ڕاستیدا ئەوەی کە ناسنامەی پاراستوون ئیسلامە بەو بەڵگەیەی کە ئیسلام ڕۆڵێکی گەورە و سەرکردایەتی پێ بەخشیون، سەلاحەدینی ئەیوبی سەرکردەی ئوممەی ئیسلامی کورد بووە، ئێستا جەلال تاڵەبانی سەرۆکی عێراق کوردە، کەواتە بە جدی هەوڵدەدەم کە ئەم دەرمارگیرییە نەتەوەییە لابەرم، بەتایبەتی ئەوکەسەی کە بێبەشی کردوون لە مافەکانیان ئیستعمار بووە نەك عەرەب، ئەوەی کە کوشتن و بڕی کردووە وئازاری داوە فیکرە نەك عەرەب خۆیان، بەو بەڵگەیەی کەعەرەب هەیە لەمەککە و مەدینە و عەرەبی وەك منیش هەیە کە دەگری بۆ گریانیان و چاوی فرمێسك دەڕێژێت بۆ فرمێسکەکانیان، خەڵکی هەڵەبجە ئەزانن کە من لە ساڵی (1978) کە چۆن دەرمانم ئەبرد بە ئوتومبیلەکەم بۆ لادێکان کەکاتی ڕاگواستن بوو، ئێمەش لەگەڵیاندا دەگریاین لەکاتێکدا ئەفسەربووین و دەشیانزانی کە ئێمەش وەك ئەوان ستەملێکراوین، من چەند یادەوەرییەکم هەیە کە کاتی خۆی نووسیومە و دەموت ئارامبگرن چونکە ئێمە لە نەهامەتییەکاندا وەك یەکین.

**لڤین: لەوتاری دەستبەکاربووونتدا ئاماژەت بەوەکرد کە مەلا عەلی دەناسیت پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ (مەلا عەلی عەبدولعەزیز)؟ کەی ئەم پەیوەندییەتان دامەزراندووە؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : ئێمە زۆر ڕێزمان هەبوو بۆ (مەلا عەلی عەبدولعەزیز) و (مەلا سدیق) و پێشتریش (مەلا عوسمان)، بەڵام لە ڕاستیدا بەهیچیان نەگەشتووم، تەنها دوای ڕووخانی ڕژێم نەبێت کە مەلا سدیقم لە ئەنجوومەنی شورای ئەهلی سوننە و جەماعە بینی کە من ئەوکات یەکێك لەو سەرکردانە بووم کە ئەم ئەنجوومەنەمان دامەزراند، بەڵام بەداخەوە مەلا عەلی و سەرکردەکانی تری بزوتنەوەم نەبینی، بەڵام جارێك لە گەشتێکی ئیستیگلاعی بۆ کەشفێك نێردراین لەلایەن سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوەوە لە بەغدا بۆ پشکنینی ناوچەی باکور کە ئایا دەتوانین پەنای بۆ بەرین ئەگەر ڕژێم زۆری بۆ هێناین، بەڵام نەمتوانی مەلا عەلی ببینم، چونکە ئەوکات لە دەرەوەی عێراق بوو، بەڵام زۆرێك لە پارتییەکان و یەکێتییەکانم بینیوە لەگەڵ کەسێك لە یەکگرتوو و بزوتنەوەی ئیسلامی دانیشتنم کردووە، بەڵام زیاتر مەیلم بەلای بزوتنەوەی ئیسلامیدا بوو، لەبەرئەوەی چەکداربوو. هەرچەندە بە میوانی دەچوومە لای سەید ئەحمەد، چونکە وەکو پەناهەندە وابوونین و چەند ڕۆژێك دەڕۆیشتین و دەگەڕاینەوە بۆ زانینی ئەوەی چی دەگوزەرێت لەسەر گۆڕەپانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەی بتوانین هەڵوێستی خۆمان وەربگرین، لەڕاستیدا بەندیخانە کاتێکی زۆری لەمن برد لە ساڵی (2000–2003) بۆیە ئەو بەردەوامییەم نەما لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، هەربۆیە خۆم بە سەرکردەی بزوتنەوەیەك دەزانم کە هەر لەناوەوە بووە و نەچۆتە دەرەوە، هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بڵێین کە ئەوانەی لە ناوەوە بوون زیاتر ئاگایان لە ڕاستییەکانی ناو وڵات هەیە، هەرچەندە لەوانەیە ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات بوون لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە بەتواناتربن.

**لڤین: کەسانێك بڕوایان وایە بەڕێزتان لە هەوڵی ئەوەدان کە مقاوەمە ڕابکێشنە نێو پرۆسەی سیاسی، ئایا ئەمە کارێکی ئاسانە؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : بەرگری دەمێنێت تاوەکو داگیرکەر نەڕوات، کاتی ئەوە هاتووە کە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بیر لەمە بکەینەوە، ئێستا سکالایەکم پێگەیشتووە لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە دەڵێت ئێمە بەرزترین دەسەڵاتین، بەڵام لەلایەن کەمترین دەسەڵات دەپشکێنرێین. بەپێی دەقی یاسایی ئێمە پێویستمان بە سەروەری هەیە، ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دێن دەڵێن کوا سەروەری؟ ئێمە نوێنەری میللەتین و سەگ بۆنم دەکات پێش ئەوەی بێمە پەرلەمان؟

**لڤین: ئەی سەبارەت بە ڕاکێشانی مقاوەمە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی چی دەڵێیت؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : ئەمە دەکرێت، پێموایە ئەگەر عێراقییەکان توانیان هەموو مافەکانیان بەڕێگەی ئاشتیانە بەدەستبهێنن، ئەوا بوار بۆ مقاوەمەی چەکداری نامێنێت تەنها ئەوانە نەبێت کە هەست دەکەن لەم وڵاتە شوێنیان نابێتەوە.

**لڤین: پەلەکردن لە دەرکردنی داگیرکەر کێشە دروست ناکات بەتایبەتی کە میلیشیای چەکدار هەیە؟**

د. مەحمود ئەلمەشهەدانی: : ئەمە بە کەسێك بڕیاری لەسەر نادرێت، یاساو ڕێسای تایبەتی هەیە بۆ ئەم مەبەستە کە بەرژەوەندی شەرعییە. ئایا بەرژەوەندی لەوەدایە پەلە بکرێت یان بەرژەوەندی شەرعی لەوەدایە کە دوابخرێت؟ ئینجا ئێمە پەرلەمانێکی ئازادی هەڵبژێردراومان هەیە کە نوێنەری هەموو عێراقییەکانە و حکومەتیش کە دیسان نوێنەری عێراقییەکانە و هەڵبژێردراوە و هەرئەویش ئەرکی دانوستان ئەگرێتە ئەستۆ لەگەڵ هێزە بیانییەکان و ئەگەر هەر دەرنەچوو ئەوا هێزی چەکدارمان هەیە و دەتوانین بەکاری بهێنین، بەسە ئازادیخوازان خوێن بڕێژن، ئەرکی خۆیان بەجوانی جێبەجێ کردووە و هەرکەسێ بەڕێگەی خۆی، ئەوانەی خاوەنی چەرەسەری سیاسین گەیشتنە لوتکەی خۆیان، هەموو گەیشتنە خاڵی ناوەڕاست کە ئەویش خزمەتکردنی خەڵکی عێراقە و کۆتایی هێنانە بە یەکتر کوژی و دڵنیابوون لەوەش کە تاکە ڕێگا ئاشتەوایی و لەیەك نزیکبوونەوەو چارەسەری سیاسی نموونەییە، تائێستا چەند ناوەند و کەسێك هەیە ئەمە ڕەتدەکاتەوە، نازانین لەوانەیە بتوانین هاوکاری بکەین بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بارە.